**پەیامی کونگرەی نیشتمانی کوردستان**

**سەرکردایەتی باشوور**

**بو نەوروزی 2711 ك**

نەتەوەی کوردی ستەمدیدەمان سالێکیکەی ژیانی ژێردەستەیەتی و دیلیتی و کولەیەتیی بەڕێکرد . ئەو سالی رابوردوەش، هەر وەك سالانی پیشتر،کوردستان تیایدا بە پارچە پارچەکراوی و کورد بە کوتوبەند کراوی لە ژێرچەقۆی داگیرکەراندا مانەوە . لاوە ژیکەڵەو جوانەکانمان : لە روژهەلاتی نیشتمانمان بەکومەڵ ئەبرانە ژێر پەتی سیدارەی مەلا فاشیەکانی فارس و لە روژئاوا ناکاوکوژی دەستی عەرەبە شوڤینییەکان ئەکران و لە باکور ئەکەوتنە بەر شالآوی ئوپراسیونی تورکە تورانییەکان و لەباشووریش توفەنگەکانی دەسەلاتی کوردیی موتوربەکراو بە عیراقچیتی و راهێنراو لەسەر تالآنچێتی, لەجیاتی ئەوەی ئاراستەی ئەو دەسەلاتەکرێ کە دەس لەناوچە داگیرکراوەکان هەڵناگرێ , ئاراستەی سنگی ئە و لاوە هوشیارانەکران کە بۆ نەهیشتنی گەندەلی و لە پیناوی ئازادی و داد پەروەری وسەربەخوییدا رژاونەتە سەر شەقامەکان !!

وانەیەك کە لە نەوروزەوە فیربیین ئەوەیە کە چارەسەری کێشە گەورەکەی نەتەوەکەمان بە چەکوشە قورسەکەی کاوەکانی ئەم سەردەمە ئەکرێ بۆ سەر ی ئەو داگیرکەرانەی کە زمانی گفتوگۆومافی مروڤ و مافی چارەنووسی گەلان نازانن و ئیستەش وەك کویلەو وەك مەڕی قوربانی بۆ مارەکانی ئەژدەهاك ئەروانننە نەتەوەی کوردمان . تاودان بۆ ئەو چەکوشەش کە ئەمڕۆ قورساییەکەی ئەبێ ئەوەندەی قورسایی چیا سەرکەشەکانمانبێ ,بە یەکیتییەکی نەتەوەیی و بەخەبات و را پەرینیکی سەرتاسەری , نەك ناوچەیی, جەماوەری نەك پارتپارتێنە,ئەکرێ کە کونگرەی نیشتمانیمان بۆ ئەو مەبەستەو لەو پێناوەدا دروستبوە .

هەر شەکاوەبێ درەفشی کاویان , ئالای کوردستان .

زاڵی و سەرکەوتن بۆ نەتەوەی کوردی مەردی دلێرمان

**کونگرەی نیشتمانی کوردستان**

**سەرکردایەتی باشوور**

**نەورۆزی 2711 ك**